**شێعری ئەحمەد شاملو** وەرگێرانی - ڕەحمان سۆفی

# لەم ڕێبەستەدا

بۆن بە دەمتەوە دەکەن

نەکا گوتبێتت خۆشم دەوێ

بۆن بە دڵتەوە دەکەن

نەکا گڕێکی تێدا شارابێتتەوە

سەر دەمێکی نامۆیە، ڕەزا سووک

ئەوین لە بن کۆڵەکەی بەربەست دا

دارکاری دەکەن

دەبێ ئەوین لە قوژبنی ماڵێدا بشارینەوە

لەم ڕێبەستی لار پێچی سەرمایە دا

بە سوتەمەنی سرود و هەڵبەت ئاور هەڵدەکەن

خۆت مەخە داوی هات و نەهاتی تێڕامانەوە

سەردەمێکی نامۆیە، ڕەزاسوک

ئەوەی لە شەوکات دا لە درگائەدا

بۆ دامرکاندنی چرا هاتووە

دەبێ نووریش لە قوژبنی ماڵێدا بشارینەوە

لەم دەمەدا سەر بڕەکان

گۆپاڵ و تەوری خوێناوی بە دەستەوە

له شوێن ڕەوەکاندا جێگرن

سەر دەمێکی نامۆیە خوێن شیرین

بزەی سەر لێوان نەشتەر کاری دەکەن

هەر وەها سترانیش لە گەروودا دەخنکێنن

دەبێ سۆز و هەستیش لە قوژبنی ماڵدا بشارینەوە

گۆشتی برژاوی مەلوچەک

لە سەر ئاگرسوتی سوسەن و یاسەمەنە

سەر دەمێکی نامۆیە ڕەزاسوک

شەیتانی سەرکەوتووی سەر خۆش

خوانی جەژنی بۆ تازییەباری ئێمە ڕاخستووە

دەبێ خودی خواش، لە قوژبنی ماڵێدا بشارینەوە.

شەوی سەر ساڵی 2009